**خۆم بەرەوە ... دیاری فەرەیدوون**

خۆم بەرەوە
باڵەوە زیاتر خۆم لەخۆم یاخی نەبم
بەسە لەوە زیاتر لەخۆم جودا نەبمەوە
وەرە ساتێ
با خۆم خۆم بدوێنم
بەخۆمدا
هاتمەوە
زانیم
خۆمم لەیاد کردووە
لەگەڵ نۆشینی بادەی مەستی
هێدی هێدی
خۆم خۆمم لەیاد دەکرد
چوومە مەودای
مەستی بێ هودەیی
وەرەو بابەس
بێت
مەستی و جودایی
یادەکانت دەدەمەوە
هەناسەکانم بەرەوە
چاوەکانت بەرەوە
بینایم بەرەوە
دەستەکانت لادا
پەنجەکانم ئازادکە
بڕۆ بەسە
هزرەکانت بۆ خۆت
هزری خۆمم بدەرەوە
خۆتت ئەدامەوە
جوانیەکانم بەرەوە
زەمەن تێ پەڕیوە و
بەئاگا بومەوە
لەدەریای خەیاڵی مەستی تۆدا
خۆمم بەرەوە
تاهێدی هێدی
ڕووەو ماڵی
داخراوو خامۆشم
مل بنێمەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سالآنێك بوو
قاپی ماڵەکەم
نەکراوە بوو
وێرانە ئاسا
جێم هێشت بوو
ئەوکاتانەی
وێڵ بووم
سەمام دەکرد
پەروانە ئاسا
لەمەستی خەیاڵی خۆم
خۆمم لەیاد کردبوو
لەنێو ماڵە داخراوەکەم
هەمیشە
تارماییەك بووم
لەکوچەو حەوشەی
ماڵەکەم
جارجارە بەدی
دەکرام
وەرەو خۆمم بەرەوە
لێرە بەدواوە
یادەکانم
دۆزە دۆزە
دەکەم
تادەگەمەوە
بەیەقین
بم بوورە خۆم
خۆم خۆمم
لەیاد کرد
گەر بم بوریت
منیش لەخۆم
دەبورێم
خواوەندیش
دەم بورێت
دەم بەخشێت بەوێڵ بوونم
لەودنیا زویر نابێت
نام خاتە نێو ئاگری دۆزەخ
دەزانن چەن پەشیمانم بۆ ڕابردوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆیە ئاشنام دەکاتەوە
بەڕۆح و دنیای پڕ سۆزو میهرەبانی لەدەست چوو
بۆیە لێم دەبورێت
گلەیی بێت
ئەوساتانەی
لێت جودا بووم
بەئاگات نەهێنامەوە
پێت نەوتم
جودا بوونەوە،
مانای پەشیمانیە

دیاری فەرەیدوون
2007\7\5
کات 9:30 بەیانی
ڕۆژی پێنج شەممە

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.